چیرۆكی

# ماڵی حەرام

نووسینی

محمود شيت خطاب

وەرگێڕانی

**حەسەنی پێنجوێنی**

چاپی یەكەم

2002 – 1423



باوكم بایەخێكی زۆری بەمەسەلەكە دا، لێی پرسیم ئەو قوتابیە ناوی چییە و كوڕی كێیەو لە چ بنەماڵەیەكە؟؟

منیش قوتابیەكەم باش دەناسی و هاوەڵی قوتابخانەم بوو، ساڵێ لەوە پێش پێكەوە بووین. ئیتر ناوی خۆی و باوك و باپیرە و بنەماڵەكەیانم پێگوت.

باوكم سەری داخست و ماوەیەكی زۆر بۆی داچوو، هەر لەبەر خۆیەوە دەیگوت: (لاحول ولا قوة إلا بالله العلي العظيم) ماڵی حەرام پەترۆ نابەستێ و بەردەوام نابێت، ئاوی حەرامیش تینوویەتی خاوەنەكەی ناشكێنێ و نوقمی دەكات!!

چیرۆکی

# ماڵی حەرام

نووسینی

محمود شيت خطاب

وەرگێڕانی

**حەسەنی پێنجوێنی**

چاپی یەکەم

1423–2002



بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيم

" وَلا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ، وَتُدْلُوا بِهَا إِلَى الْحُكَّامِ لِتَأْكُلُوا فَرِيقًا مِنْ أَمْوَالِ النَّاسِ بِالإِثْمِ وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ." البقرة / ١٨٨.

يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ إِلاَّ أَنْ تَكُونَ تِجَارَةً عَنْ تَرَاضٍ مِنْكُمْ. النساء/٢٩.

وَتَرَى كَثِيرًا مِنْهُمْ يُسَارِعُونَ فِي الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَأَكْلِهِمْ السُّحْتَ لَبِئْسَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ. المائدة /٦٢.

**پێشەکی**:

سوپاس وستایشی بێ سنوور بۆ پەروەردگار، و دروود وسڵاو بۆ گیانی پاکی پێغەممەر و هاوەڵە بەرێزەکانی.

پاشان، خوێنەری بەرێز! کاتی خۆی کە لە پاکستان بووم نووسراوێکی زانای پایە بەرز مامۆستا (م.ش.خەتتاب)م لە گۆڤارێکدا پێشچاو کەوت، کەرووداوێکی واقیعی سەردەمی خۆی بووەو دەرسێکی گەورەی پەروەردەیی تیا بەدیکردووە، و لەکۆتایی ژیانیا تۆماری کردووە و لەو گۆڤارەدا بڵاوی کردبوەوە بەناوی ( ماڵی حەرام )، منیش کەخوێندمەوە زۆرم پێ خۆش بوو، وەرم گێڕایە سەر زمانی کوردی.

#- هیچم لە ناوەرۆکەکەی نەگۆڕی، تەنیا دەستکارییەکی رواڵەتی نەبێت، وەك لابردنی دووبارەکردنەوەی هەندێ رستەو دەستەواژە کەزۆر بە زەقی دەبینرا و تامی باسەکەی تورت دەکرد.

#- ئێستا کەدەمەوێ پاکنووسی بکەم لە گەڵ ئەوکاتەدا کە وەرم گێڕاوە دە ساڵیان بەینە، من لە ساڵی ١٩٩١ وەرم گێڕاوە ئێستا ساڵی ٢٠٠١، ئەوکاتە کەلە پاکستان بووم کەوتبووە ناو کۆمەڵێ دەست نووسەوە و نەمدەزانی لەکوێم داناوە و کەوتۆتە چ قوژبنێکەوە، دوای جێگیر بوونمان لە ئوستڕالیا پاش ساڵێك و هەشت مانگ بڕیارم دا چاوێك بە دەستخەتەکانمدا بخشێنمەوەو ئەوانەیان کە لەلای خۆمن سەر لەنوێ لە ناو کەمپیوتەرا بیان نوسمەوە و نوسخەیان بەم لاولادا بنێرم تا ئینشائەڵلاّ لە تیا چوون رزگاریان ببێت. وە ئەوەشیان بێسوودە بیدڕێنم یا بیسووتێنم..

#- بەڵام ئێستا من ئەو سەرچاوەم لەلا نەماوە کە لێم وەرگرتووە، لە یەکێ لەم دوو گۆڤارەدا گومانم هەیە : ١- الدعوە، ٢- العربی، کە لە کوێت دەر دەچوون، لە کامیاندا بووە نازانم، لەوانەشە لەگۆڤارێکی ترا بووبێت و من وابزانم لەیەکێ لەو دووانەدا بووە، ئینسان قابیلی هەڵەیە، لەوانەیە هەڵەم کردبێ، بەڵام هەڵە نەك ئەنقەست، جا ئەگەر یەکێك لە دۆستانی خوێنەر هەڵەیەکیان پێشچاوکەوت، یا ئەو گۆڤارەیان دەستکەوت کەتیایدا بڵاوکراوەتەوە زۆر سوپاسیان دەکەم ئاگادارم بکەنەوە.

هیوادارم سوودی بۆخوێنەری کوردی هەبێ، وخوا لێمان وەربگرێ و بیکاتە توێشوی پاشە رۆژمان، إنه نعم المولی ونعم النصير

حەسەنی پێنجوێنی

## مالّی حەرام:

مامۆستا رووی کردە قوتابییەکان و گوتی: لەپۆلێك لەپۆلەکانی ئەم قوتابخانەیەدا برایەکی هەژارتان هەیە و پێویستی بە دەستێ جل و بەرگ هەیە تا بیکاتە بەری و لەسەرمای گەزندەی زستان بیپارێزێ، دەستێ بیجامەیشی دەوێت تا کاتی نوستن لەبەری بکات، کەوابوو ئێوەش هەریەك لە حەنای خۆیەوە هەندێ پوولّ و پارە لە مالّەوە بێنێ،و منیش سبەینێ لێتان وەر دەگرم و بەرگی پێویستی ئەمسالّی بۆ دەکڕین.

لەو کاتەدا من قوتابییەکی پۆلی سێیەمی سەرەتایی بووم، تەمەنم لە دەوروبەری هەشت سالاّندا بوو، قوتابخانەکەمان کەوتبووە دەرەوەی شووورای کۆنی شاری (موسلّ)و لەگەڕەکی (باب البيض)دا بوو، بەدەوری شووراکەدا خەندەقێکی گەورە و قوولّ هەلّکەندرا بوو، قوتابخانەکەش پەنجا مەترێك لە خەندەقەکەوە دووربوو، لەنێوان قوتابخانەو خەندەقەکەدا شەقامێکی گەورەی گشتی هەبوو، کە پێیان دەگوت: (باب سنجار).



کاتێ نیوەڕۆ گەڕامەوە بۆ مالّ خێرا قسەکەی مامۆستام بۆ دایکم و نەنکم گێڕایەوە، ئەوانیش زۆر بەزەییان پیایا هاتەوە و سکیان پێی سووتا، دەستیان بە باخەلّیانا کردو هەر یەکی نیو (روپێ) یان دامێ، ئیتر لێیان نەپرسیم ناوی چییە و کوڕی کێیە ولەچ خێلّێکە؟

لەو سەردەمەدا دوو دەوام بووین، بەیانیان چوار دەرسمان دەخوێند و لە دوا نیوەڕۆیشدا — جگە لەرۆژی پێنج شەممان- دوو دەرزمان دەخوێند، بەلاّم لە پێنج شەممانـدا هەر چوار دەرزەکەی بەیانیانمان دەخوێند..

لەسەرەتای دەوامی دووەمی ئەو رۆژەدا رۆیشتم بۆلای مامۆستاو پارەکەم بۆ بردو پێم گوت: بەنیازم ئەندازەیەکیش لەباوکم وەربگرم و سبەینێ بۆت بێنم..

ئێوارە پێش خۆر ئاوابوون باوکم هاتەوە، پاش ئەوەی کە لە مزگەوتەکەی گەڕەکی خۆمان نوێژی شێوانی خوێند باسی قوتابیە هەژارەکەی قوتابخانەم بۆ گێڕایەوە و داوام لێکرد هەندێ پارەم بداتێ بۆی بەرم..

دیتم باوکم زۆر دەچێتە بنج وبناوانی مەسەلەکەوە و بایەخێکی زۆری پێدەدا، لێی پرسیم ئەو قوتابیە ناوی چییە و کوڕی کێیەو لە چ بنەماڵەیەکە؟؟

منیش قوتابیەکەم باش دەناسی و هاوەڵی قوتابخانەم بوو، ساڵێ لەوە پێش پێکەوە بووین. منیش ناوی خۆی و باوك و باپیرە و بنەماڵەکەیانم پێگوت. باوکم سەری داخست وماوەیەکی زۆر بۆی داچوو، هەر لەبەر خۆیەوە دەیگوت:(لاحول ولا قوة إلا بالله العلي العظيم) ماڵی حەرام بەردەوام نابێت، و ئاوی حەرامیش تینوویەتی خاوەنەکەی ناشکێنێ و نوقمی دەکات!!

ئەو بەسەرهاتەی لەبارەی باوك و باپیری ئەو قوتابییەوە باوکم بۆی گێڕامەوە زۆر کاری تێکردم و تا ئێستاش لەگوێمدا دەزرنگێتەوە و هەردەم بیری لێدەکەمەوە، ناوبەناو بۆ کچەکانی خۆم و برازاکانم دەگێڕایەوە، هەرگیز لە گێڕانەوەی وەڕس نەبووم، ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە بەشێوەیەکی بەر بڵاوتر باسی بکەم و خەڵکێکی زیاتر بیبیستێ و سوودی لێوەرگرێ، ڕووداوەکە ئاوەها بوو:

# # #

**هاوەڵی قوتابخانەم:**

باوکم باسی باوك و باپیرەی ئەو قوتابییەی بۆگێڕامەوەو گوتی: باپیری ئەو قوتابییە لەشاری موسڵدا پلەو پایەیەکی گەورەی لەدەزگای دەوڵەتی ئەو سەردەمە دا هەبوو، خەڵکیش بەهۆی کارە ڕەسمیەکەیەوە زۆر سەریان لێدەدا، خەڵکێکی زۆری دەناسی و خەڵکێکی زۆریش ئەویان دەناسی..

ئەم پیاوە زۆر حەزی لە موڵك و ماڵ کڕین بوو، دێهاتێکی زۆری لە دەورو بەرو نزیك موسڵدا سەندبوو، لەناو شاریشدا خان و بازاڕو دوکان و گەرماو و خانووی زۆری کڕی بوو، تا وای لێهات بوو بە یەکێ لە خاوەن موڵکە ناو دارەکان..

ئەو موڵك و ماڵانەیش کە دەیکڕی یا پارەکەی نەدەدا یا پارەیەکی زۆر کەم و نرخێکی هیچ و پووچی بۆ دادەنان  کە هەر –بەناو- قیمەتەکەی بوو، بەشی زۆریش موڵك و ماڵی ئەوانەی دەکڕی کەلاواز وبێدەسەڵات بوون و توانای پارێزگاریکردنی موڵك و ماڵیان نەبوو، وەك هەتیو، بێوەژن، غەریب و بێکەس..

باوکم گوتی: بیست ساڵ لەمەو بەر ڕۆژێ لە تەك باپیرت -باوکی دایکت- ڕۆیشتین بۆ ماڵ باپیری ئەو قوتابیە، ڕوویان لێنابوو کە

باپیرت پێی بڵێ بۆ ئەوەی کاری موسڵمانێك جێبەجێ بکات، باپیرت یەکێ بوو لە زانا ناودارەکانی ئەو کاتەی موسڵ، لەگەڵ زانیارییە فراوانەکەیدا پارێزکارو بێ تەماحیش بوو، پێی خۆش بوو هەق بۆ خاوەن هەق بسەنرێتەوە.

باپیرەی ئەو قوتابیەش دیوەخانێکی گەورە و پان و پۆڕی هەبوو، پڕ بوو لەوانەی بۆ سەردانی دەهاتن.. ئەویش خۆی بە و ماڵ و سامانەوە هەڵدەکێشا کە کۆی کردبووەوە، دەیگوت:ئێستا وام لێهاتووە بەتەواوی لەداهاتووی کوڕ وکوڕەزاو نەوەی نەوە کانم دڵنیا ببم !!

خەڵکەکە هەموو گوێیان لە قسەی ئەو پیاوە بوو، بە گوێی خۆیان بیستیان کە باپیرەی ئەو قوتابیە چەند لە داهاتووی دیارو نا دیاری خۆی و نەوەی دڵنیایە!! هەموو بە جارێك دایانە هاڕەی پێکەنین و وەك مەرایی مەرایيان بۆ دەکرد! جگە لە باپیرەت بەڕەحمەت بێ، لەو کاتەدا کە بە هەموو دەنگی خۆی رووی کردە ئەو پیاوەو گوتی: فلانە کەس! ئاوی حەرام خاوەنەکەی دەخنکێنێ و تێر ئاوی ناکات، داهاتوویش هەمووی بەدەست خوای بالاَ دەستەوەیە؛ ئیتر چاوەڕێی وەڵامی نەکرد لە مەجلیسەکەدا هەستاو بەجێی هێشت، وەك ئەوە لە کۆڵ و بارێکی قورس خۆی رزگارکردبێ..

# # #

## دڵ وەستان:

رۆژگارێك بەسەر قسەی نابەجێی باپیرەی هاوەڵە قوتابییەکەتدا تێپەڕی، بە هۆی دڵوەستانەوە مردن ژنەکەی فڕاند، ئەو کاتەش تەمەنی ژنەکەی لە هەڕەتی لاویەتیداو لەو پەڕی بەخشش و بەرهەم و لە دەوری چل ساڵدا دە بوو..

ژن برا بۆ گۆڕستان و پرسەی بۆ دانرا، پۆلپۆل و تاکتاك خەڵکی بۆ دڵخۆشیدانەوە وسەرخۆشیلێکردنی دەهاتن، بەڵام ئەو تەمی خەمی نەدەڕەوییەوە چونکە مردنی ناکاوی ئازیزەکەی زامێکی گەورەی لەدڵ ودەروونیا دروست کردبوو، بۆیە دڵخۆشی نەیدەتوان پێبنێتە ناو دیوی دەروونیەوە..

خۆی بەکارو وەزیفەکەیەوە خەڕۆ کردبوو، بەڵام زۆری پێنەچوو وەزیفەکەی نەما و لەسەرکار لابرا، پلەو پایەی لێسەنرایەوە و خانەنشین کرا.. شتی وایش لەو سەر دەمەدا بە دەگمەن رووی دەدا، وا پێدەچوو ئەوانەی کاری ئەمیان لە دەستا

بوو لە هەڵس و کەوتی رازی نەبووبن، بۆیە لای ئەوانیش چارە رەش بوو..

هەر لەگەڵ وەزیفەکەی لێسەنرایەوە میوان بە دەوریا نەماو دیوەخانی چۆڵ بوو، وەك بیابانی هەڵپڕوزاوی نیوەی هاوینی لێهات، نە ئاوی تیابوو نە سەوزەلانی و نەروخساری جوان، ئەوانەی ئەم بەدۆستی دڵسۆزی خۆی دەزانین لێی تەکینەوە، ناسراو و هاوسێکانی وێڵیان کرد، ئەمەش هۆی ئەوەبوو کە خەڵکی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بەکاردەهێنا، بەلام خۆی بۆ بەرژوەندی خەڵکی بەکار نەدەهێنا، وەك ئەوە خۆی تەنیا گرێژەنەیەك بێو زەوی بە سەریا بسووڕێتەوە، بێ ئەوەی حاڵی ببێ کە ئەم دنیایە تەنیا گرێژەنەیەکی تیانییە، بەڵکو وێنەی پەرپووتی وەك ئەمی زۆر تیدایە. کەسایەتییەکەی لەسەر دیواری وەزیفەکەیەوە دامەزرا بوو، بۆیە کاتێ وەزیفەکەی رووخا کەسایەتییەکەشی هەرەسی هێنا، وکەوتە ناو واقیعێکی تاڵەوە و بۆی دەرکەوت کە پیاوێکی بێ ئایندەیە..

چونکە نە خوێندەواریش بوو لەماڵەوە کتێب و کتێبخانەیەکی نەبوو خۆی پێوە خەرۆ بکات، ئارەزووی کشتوکاڵ وئاژەڵداری و

سەرپەرشتیکردنی باخچەی ناوماڵی نەبوو..وای لێهاتبوو کاتی لە بۆش و بەتالا بەسەر دەبرد و بە بێ سوود!!

ژنەکەی لەم ژیانەدا کەبە تەنیا جێی هێشت و رۆیشت، لەناو ماڵدا کەسێك نەبوو پەنای بۆببات و قسەی لەتەکا بکات، ئەمە واناگەیەنێت کە ماڵەکە چۆڵ بووبێ و کەسی تیا نەبووبێ، نا.. بەڵکو ماڵەکە سێ کوڕی خۆی تیا بوو کە ژنیان هێنابوو هەر بووکێکیش سەرگەرمی پەروەردە کردنی منداڵی خۆی بوو، ماڵی خۆی بەرێوە دەبرد..

دوای وەزیفە لەدەستچوونەکەی هەرسێ بووکەکەیشی لێی وەڕس ببوون، چونکە کارو پیشەی ببووە موحاسەبەکردنی ئەوان، لەسەر هەموو شتێ کردبوونیە بەرپرس، گۆبەندێکی زۆری بێ سەرو بەری بۆخۆی سازکردبوو، هەمیشە هەتەری لەسەر دەکرد وباسی دەکرد و بەشوێنیا دەچوو، ئەمەش ببوە هۆی شەڕ و ئاژاوەی ناو ماڵ !!

بە هۆی ئەم گۆبەندانەوە کە بۆخۆی دەسازاند هەمیشە توندوتووڕە بوو، دەیخوڕی بەسەریانا، لەماڵەکەدا وای لێ هاتبوو ئەم بەتەنیا لەلایەکەوە، کوڕەکانی و سێ بووکەکەی و منالەکانیان

لە لایەکی ترەوە بەرامبەر وەستابوون، وەك ئەوە ماڵەکە مەیدانی شەڕبێ، هیچ خۆشەویستی و لایەنگیرییەك لەنێوانیاندا نەمابوو!!

# # #

## **ئیفلیجی**:

رۆژێك لەوکاتانەدا کە بەبێ هۆیەکی ماقووڵ زۆر رقی داگیرسابوو کەوت ولەهۆش خۆی چوو، بەپەلە گایاندیانە نەخۆشخانە، لەوێ دەرکەوت لای راست و چەپی شەلەل لێیداوە و بەتەواوی ئیفلیج بووە و جمو جووڵی لێبڕیوە، تەنیا سەری دەجوڵاندەوەو بەس، لەبەر ئەوە پێویستی بەکەسێك هەبوو دەواو دەرمانی بداتێ، نان و ئاو بەدەمیەوە بکات، جل و بەرگی بگۆڕێت و پاکی بکاتەوەو بیشۆرێت، ئەمانەش بە ئاسانی لە نەخۆشخانەدا ئەنجام نەدەدرا لەبەر ئەوە کردیانە دەرەوە، لە دەرەوەش خزمەتکردنی وەك پێویست مەحاڵ بوو..

کەس وکارەکەی لەدەستی وەڕس ببوون، چاوە چاویان بوو زوتر بمرێت و لە خزمەت کردنەکەی رزگاریان ببێ و زووتر ماڵ و سامانەکەی دابەش بکەن!!

پیاوی ئیفلیج وای لێهات ئاوات بەمەرگی خۆی بخوازێ، سزاو ئازاری بێکەسی زۆری چەشتبوو، خزمەتی باش نەدەکرا، پاك نەدەکرایەوە و لەبەر بۆگەنی پاشەڕۆی کەس توانای نەبوو سەر بەژوورەکەدا بکات. ماڵە حەرامەکەی لێحەرام ببوو، مییە ( شهیە)ی بەسترابوو، ئارەزووی خواردنی نەمابوو، ئەوەشیان کەدەدایێ بەشی نەدەکرد، ئەوەش کەبۆی دەبرد دەبوا زۆری لە خۆی بکردایە تا بتوانێ ماوەی نان کردنەکە بەدەمیەوە لەوێدا بمێنێتەوە، بەکورتی کەس بایەخی بە خواردن و خواردنەوە و پۆشاك و پاك و خاوێنی ئەو نەدەدا!!

ئەو ماڵ وسامانەی کەجوانی ژیانی دنیای بوو بۆی ببوە ئێش و ژان، ماڵەکەی لێحەرام ببو، سوودی بۆ ئەو نەبوو، لای مناڵەکانی ئێسکقورس و زەڕە تاڵ ببو، ئاواتیان ئەوە بوو زوو بمرێ و لەکۆڵیان بێتەوە و سامانە زۆرەکەی دابەش بکەن!!

پاش چەند مانگێك لەو پشتگوێ خستن و گوێ پێنەدان و ئێش وئازاری ئیفلیجی یەی -کەوەك چەند ساڵێك بوو بۆی- دوا هەناسەی ژیانی داو گیانی دەرچوو، بوە تەرمێکی وشکی بێ جموجووڵ، کوڕەکانی چەند حەماڵێکیان بۆ گرت تا بەنۆرە هەڵی بگرن بۆ گۆڕستان، کەسێکی تر جگە لەسێ کوڕەکەی و

حەماڵەکان لەگەڵ تەرمەکەیا نەبوو، لەوانەیە ئەگەر لەبەر قسەی خـــەڵکی نەبوایـــە کوڕەکانیشـــی وەك ئـــەو خەڵکـــە لـــە تەکـــیا نەڕۆیشـتنایە!! تەنـیا چاکەیەکی بەسـەر کەسـەوە نـەبوو تـا ئـەو چاکەیە شفاعەتی بۆبکات وخەڵکی بەزەییان بوی بجوولێت، ماڵێکی زۆری حـەرامی لـەدوا جێما کـە ئەویش بووە خەم وئازارو نەگبەتی بۆی!!

باوکم بەردەوام بوو لەباسی باپیرەی قوتابییە هەژارەکە و گوتی: مـن خـۆم ئاگـادارم کاتـێ ژنەکـەی مـرد چ عـەشـاماتێك لەگـەڵ تەرمەکەیا چوون بۆ گۆڕستان، چۆنکە هێشتا پلەو پایـەکەی لـە دەست نـەدابوو، هـەزارەها کـەس کەوتـبووە شوێن تەرمی ژنەکەی، بەڵام کەس لەگەڵ تەرمی خۆیا نەبوو!!

پرسـەکەری خێزانی ئـەوەند زۆر بوو بـەزەحمەت خەڵکی جێی دەبـووەوە، بـەڵام بـۆ مـردنی خـۆی کوڕەکـانی پرسـەیان بـۆ دانـەنا، چونکە دەیانـزانی کـەس ناچێت، منـیش ئێستا ئەومەسەلەیەم بیر دەکەوێـتەوە کەدەڵێت:کـەری قـازی مـردار بـووەوە هـەزاران کـەس بەڕێـیان کـرد، بـەڵام قـازی خـۆی مـرد کـەس لەگـەڵ تەرمەکـەیا نەچوو..

# # #

## <u>باسەرێك لە کوڕەکانی بدەین</u>:

پـاش مـردنی باوکـیان لەسـەر میراتەکـەی نـاکۆکی کەوتـە نێوانیانەوە، هـاتوچۆیەکی زۆری دادگایان بوو بە تووشەوە، ناکۆکی نێوانـیان ببوە قسەی خـەڵکی لەناو کۆڕو کۆمەڵەکاندا، هەریەکەیان دەیویست هـەموو میراتەکە بۆ خۆی ببات و ئەوانیتری لێ بێبەش بکات، لە ئەنجاما دادگا کاری بـۆ راپەڕاندن، و میراتـەکەی بـەسەرا دابەشـکردن و کۆتـایی بـە هـەراو بـەزمیان هێنا، بەڵام دوای چی؟! پـاش ئـەوە کـە پووڵـێکی فـرەیان دا بـە بەرتـیلدا، و زەحمەتـێکی زۆریان بوو بە تووشەوە و کاتێکی زۆریان بە فیڕۆ چوو..

مـاڵی باوکـیان کـە تەنـیا ماڵـێك بـوو جێـیان هێشت و هەریـەکە رۆیشـتە مـاڵی سـەر بـەخۆی خۆیـەوە وبـوون بـە سێماڵی جیاجـیا، بەتەسـکەرەو بەناو برا بوون، بەڵام لە راستیو ناوەرۆکدا دوژمنێکی سەرسەختی یەکتر بوون..

میراتەکـەیان مـاڵی حـــەرام بـوو، ئەمانـیش بە پەروەردەیـــەکی ئیسلامی پـــەروەردە نەکرابوون تا بـــزانن حەرام و حەڵاڵ چییـە، لەهــــەمان کـاتدا بـۆ کۆکردنەوەشـی ئارەقـیان نەڕشـتبوو، پشـتیان پـێوە نەیەشـابوو، لەبەر ئەوە پێش بڕکێیان بۆ تەفرو توونا کردنی

دەکرد، ژیانیان بە قومارکردن وعەرەق خواردنەوەو ئاهەنگە بێ شەرمەکان و کاری خراپەوەوە بەسەر دەبرد..

ماڵ وموڵکیان تالآن فرۆشکرد، لەماوەیەکی کەما ژمارەی ریکۆردیان شکاند، لە ماوەی سێساڵدا، تەنیا سێ ساڵ هەرچی ماڵ و زەوی وزارو دێهات وحەمام ودوکان و قەیسەرییان هەبوو فرۆشتیان و لەناویان برد، نە ماڵێکیان ما و نە درهەم و دینارێك!!

دەساڵ دەبێ ئەو سێ برایە هەژارو نەدارکەوتوون، یەکێکیان بەقاڵی دەکرد، ئەوی تریان کارێکی سووکی دەکرد، سێهەمیان بەکارێکی نا پەسەندەوە خەریك بوو، ئەم قوتابییەی تۆباسی دەکەیت کوڕی یەکێك لەو سێ برایەیەو ئەوەتە ئێستاش سواڵی بۆ دەکەن، تا دەستێ پۆشاکی وەك هاورێکانی لەبەرابێ و سەرمای گەزندەی زستان نەخۆشی نەخات!!

ئینجا باوکم کیسەکەی باخەڵی دەرهێناو روپیەیەکی پێدام بیبەم بۆ مامۆستاو ئەویش بۆ قوتابیە هەژارەکەی کۆبکاتەوە..

روپیە سکەیەکی زیوی هیندی بوو، لەساڵەکانی چلی سەدەی چواردەهەمی کۆچیدا وساڵەکانی بیستی سەدەی بیستەمی زایینیدا لەعیراقدا بەکاردەبرا ونرخی حەفتاو پێنج فلسی عیراقی هەبوو..

لەو سەردەمەدا روپیەیەك دەستێ پۆشاکی منالآنەو کراسێك، یا هەشت کیلۆ گۆشتی مەڕی دەکرد، دوو رۆژ خیزانێکی شەش کەسی بەباشی پێی دەژیا..

روپیەکەم لەباوکم وەرگرت و لەو کاتەدا دایە دەستم گوتی: کوڕم! خۆت لەحەرام بپارێزە، چونکە لەدنیادا دەبێتە هۆی نەخۆشی و بەڵاو موسیبەت، و لەقیامەتیشدا دەبێتە سزاو ئازاری دۆزەخ، ماڵی حەرام خاوەنەکەی لەناو دەبات و بێ ئیحتیاجی ناکات، ئاوی‌حەرام خاوەنەکەی دەیخنکێنێو تێرئاوی ناکات و تینوویەتی ناشکێنێ، ماڵت داگیر بکەن زۆر لەوە چاترە ماڵی خەڵکی داگیر بکەیت..لە برسا بمریت لەوە باشترە ماڵی خەڵکی بەحەرامی بخۆیت، حەرام ئاگرە لەدنیادا تەڕو وشك پێکەوە دەسووتێنێت و لە قیامەتیشدا بخۆرەکەی بەرەو ئاگر دەبات..کوڕم! دەخیل سەد دەخیل، دەستم بەدامێنت توخنی ماڵی حەرام نەکەوی، خۆتی لێبپاریزە، چونکە ئاگرە بۆ دنیاو قیامەت..

بەڵێ بۆ سبەینێ روپیەکەم دایە دەست مامۆستاو ئەویش بە سوپاسەوە لێی وەرگرتم.

# # #

بەسەرهاتی ئەو قوتابیەو باوك وباپیریم باش دەزانی، باوكی لەمەیخانەیەكدا ببوە شاگرد، لەوسەردەمەدا موسڵمانەكان كاری وایان نەدەكرد، چونكە پێغەممەری خوا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێ: "خوا لەعنەتی لەوە كردووە كە شەراب دەخواتەوە و ئەوەش كەدەیفرۆشێ و ئەوەش هەڵی دەگرێ و دەیگوێزێتەوە"(١) لەبەر ئەوە تەنیا ناموسوڵمانەكان ئەو كارەیان دەكرد، بەڵام باوكی ئەو قوتابیە هەژارە كاری ناو مەیخانەی هەڵبژاردبوو، چونكە خۆی هەمیشە مەست بوو، پاش ئەوەی كەوتبوە سەرساجی عەلی و پوولێكی نەمابوو شەرابی پێ بكڕێ، بەلای كەمەوە لەو مەیخانەیەدا دەماوی خەڵكی كە لەناو پەرداخەكانا دەمایەوە هەڵی دەقوڕاند و ناوبەناویش یارمەتی و بەخششێكیان دەدایێ تابۆ ماڵ ومناڵەكانی خەرج بكات، ئەویش كارەكەی زۆری نەخایاند عارەق زیانێكی زۆری پێگەیاند و تووشی دڵ وەستان بوو بەسەرخۆشی مرد و بۆ هەمیشە دڵی لە لێدان كەوت..

كوڕەكەشی كەلەتەك ئێمەدا قوتابی بوو، توانی تا پۆلی پێنجی سەرەتایی بخوێنێ، پاش ئەوە ناچار بوو وازی لێبێنێ.. كرێكاری دەكرد تا خەرجی خۆی و ماڵەوەیان دابین بكات.. ماوەیەك هەواڵی نەما لە كرێكارەكانی هاوەڵی هەواڵم پرسی گوتیان: سەری خۆی هەڵگرتووە، بەماڵەوە رۆیشتوون بۆ بەغدا، تا لەوێ كار بكات چونكە كار زۆرترە..

ئیتر بەجارێك هەواڵی ئەو بنەماڵەیە نەماو ناویان سڕایەوە. بەڵێ ماڵی حەرام كاری خۆی كرد، ئەوەی كۆی كردبووەوە قازانجەكەی بۆنەخورا، بەڵام لە زیانەكەی بێبەش نەبوو، هەروەك بۆخۆی سوودی نەبوو، لە دەست مناڵەكانیشیا وەك ئاگری ناو پووش ئاگری تێبەربوو، لەدەستیانا بووبە هەڵم، لەحەرامدا بۆزیانی قیامەتیان خەرجیان كرد، وەچەو نەوەكانیشی پێوە گیرۆدەبون. نەداری و هەژاری وای لێكرد مامۆستا پارەی بۆ كۆ بكاتەوە تا دەستێ جلی بۆبكڕێ و سەرمای زستان رەقی نەكاتەوە..

ماڵی حەرام خراپترین دوژمنە، نەك هەر بۆ خودی ئەوكەسە، بەڵكو بۆمناڵ و نەوەكانیشی، ئەوە بوو ئەو بنەماڵەی ئاوەها لەناو بردو ئاوها تووشی هەژاری و نەداری بوون و حورمەت و رێزیشیان لای خەڵكی نەما، یەك لەدوای یەك قڕیان تێكەوت و وەك كای سەر كەلیان لێهات!!

# # #

1- ئەم فەرموودەیەم لە نۆكتێبە ناودارەكەی حدیث دا دەست نەكەوت.